# راپۆرتەکەی بیکەر هاملتون: کورد و ئەمریکا

**سەردار عەزیز**

وەک لە بابەتی پێشوماندا لە ژێر ناونیشانی تارماییەکانی کیسنجەر ئاماژەمان بەوەدا کە گۆران لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەرێوەیە و ئەو گۆرانەش گۆران بوو بەرەو قوتابخانەی ریالیزم. وە وەک ئاشکرا و دیاربوو کە کورد لە هەناوی قوتابخانەی ریالیزمدا هەردەم دۆراو و پشتگوێخراو دەبێ. ئەمەش لەبەر راستیەکی سادە و ئاشکرا کە پەیوەندی بە دیدی ریالیزمەوە هەیە بۆ دونیا. لای قوتابخانەی ریالیزم دەوڵەت یەکەی سەرەکی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانە وە هەر پێکهاتەیەکی تر لە دەرەوەی دەوڵەت دەبێ بە دەوڵەتبکرێت. بۆ ئەم مەبەستە لای ریالیزم دەوڵەت دەبێ مەرکەزی و بەهێزبێت.

دەکرێ ئەمە وەک دەروازەیەک بەکاربێت بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکەی بیکەر و هاملتون. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە کورد لە هەموو کەسێ زیاتر دۆراون لە راپۆرتەکەدا و عەرەبی سوننە لە هەموو کەسێ براوەترن. وە لە هەر هەمان تێروانینەوە مامەڵەکردن لە گەڵ وولاتاندا هەرچەندە دوژمنیش بن بۆ نموونە سوریا و ئێران گرنگی پێدراوە کەچی کوردوستان لە بەر ئەوەی دەوڵەت نیە نەک هەر پشتگوێخراوە بەڵکو راپۆرتەکە وەها بەباش ئەزانێ کە لە دەسەڵاتی کەم بکرێتەوە و بدرێتە دەست حکومەتی ناوەندی.

راپۆرتەکە بە ئاشکرا و بە روونی دژ بە حکومەتی هەرێمە و نووسەرانی ئامادەنین دان بە بوونیا بنێن. هەر لە سەرەتاهو ئەمە ئاشکرابوو کاتێک هیچ کام لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی راپۆرتەکە ئامادەنەبوون سەردانی کوردوستان بکەن. ئەمە نەک هەر پەیوەندیدارە بە کێشەی کوردوستانەوە بەڵکو لە هەمانکاتدا گوێنەدانە بە داخوازی کورد لە یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکیەکانی عێراق و کوردوستان ئەویش کێشەی شاری کوردوستانە. راپۆرتەکە بە ئاشکرا دەڵێ ئەگەر بێتوو شارەکە بخرێتە سەر کوردوستان ئەوە دەبێتە هۆی نارزایی عەرەب و تورکمان لە دەرئەنجامدا شەرێکی خوێناوی. بۆیە بە راشکاوانە دژ بە هەموو هەموولێکە لەم بارەوە، بەتایبەت دەبێ ریفیراندۆم کە بریارە ساڵی 2007 ئەنجام بدرێ دوابخرێت.

دیارە زۆر ئاشکرایە ئەم داواکاریە دژ بە خواستی کوردە بەڵام لە بەرژەوەندی چەند لایەنێکی ترە لەوانە ، عەرەبی سوننە، تورکمان، دەوڵەتی تورکیا، دوور نیە حکومەتی سوریا. چونکە دەستەی راپۆرتەکە لەگەڵ بالوێزی تورکیا لە واشنتۆندا کۆبونەتەوە، لەگەڵ بالوێزی سوریا لە واشنتون و تەنانەت وەزیری دەرەوەی سوریا، ئەم داواکاریە لەلای هەموویان دووپاتکراوەتەوە. ئەم خاڵە زۆر روون ئاشکرابوو کاتێک هەموو کەس ئاگای لێبوو کە دەستەی نووسەرانی راپۆرتەکە لەگەڵ کێدا کۆبوونەتەوە کاتێک کە ناوی کەسەکان لە سەر هێڵی ئینتەرنێت بوو. ئەگەر حکومەتی کوردوستان ئاگای لەدونیا و روداوەکان بێت دەبوو بیزانیانە کە ئەو خەڵکانە چی بە نووسەرانی راپۆرتەکە دەڵێن وە ئەم دەبێ چی بکات. بەڵام جێی پرسیارە ئایا حکومەتی هەرێم دەزانن چ باسە؟

چونکە بە قسەکانی مەسعود بەرزانی بێت ئەو هەموو زانیاریەکانی لە میدیاکانەوە بوو، تەنانەت کاتێک چەند رۆژێک پێش چاپکردنی راپۆرتەکە بیکەر لە تەلەفوندا بە بارزانی دەڵێ لە راپۆرتەکەدا هیچ شتێک دژ بە کورد نیە بەڵام کە راپۆرتەکە دەکەوێتە بەردەست میدیا هەموو شتێک بە پێچەوانەیە. ئەم مانوڤەرە پێویستی بە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەی زیاترە. بە تایبەت مەسعود بارزانی، بەهۆی مێژووی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا، دەبێ لە هەموان زیاتر بێ بڕوابێت بەرامبەر بە قسەی زارەکی لە سیاسەتدا، بەڵکو ئەوەی دەبێتە بەڵگە نامە ئەوەیە کە دەنووسرێت.

چاوپێاخشانەوەی دەستور داوایەکی تری عەرەبی سوننەو وولاتانی ناوچەکەیە. بۆیە دەبێ لەوە ئاگاداربین لە چ روانگەیەکەوە بۆ چ مەبەستێ چاوبە دەستوردا دەخشێنرێتەوە. ئایا بۆ ئەوەی بەندی 140 تایبەت بە کەرکوک هەڵوەشێنرێتەوە، یان بۆ ئەوەی فیدراڵی لاببرێت، یان بۆ ئەوەی دەسەڵات لە ناوچەکان بسێنرێتەوە بۆ ئەوەی مافی ئەوەیان هەبێت کە نەوت دەربێنن یان لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکانا کۆنتراکت مۆرکەن. راپۆرتەکە بە گشتی تێروانینێکی خراق و نیگەتیڤی هەیە بۆ کورد و رۆڵی کورد لە عێراقدا، ئەوان وەها لە قەڵەم ئەدات کە بەشێوەکی توندوتێژانە دژ بە یەکێتی عێراقن. کە باس دێتە سەر مەسعود بارزانی لەبری هەموو شتێکی تر ئەو باس لە هەڵدانی ئالای کوردوستان ئەکات، وەک کارێکی جوداخوازی.

لە خاڵێکی ترا پێشنیاری ئەوەئەکات کە پۆلیس بخرێتە سەر وەزارەتی بەرگری، دیارە بەهانەی زۆر بۆئەمە دەهێننەوە بەڵام تەنها هۆئەوەیە چونکە وەزارەتی بەرگری لە دەستی سوننەدایە. بەکورتی راپۆرتەکە دەڵی دەبێ عێراق وەک خۆی بمێنێتەوە لە پاش سەددام، دەبێ کورد و شیعە واز لە داخوازیەکانیان بهێنن و هەموو بروایەکیان ببەخشنە حکومەتی مەرکەزی. کاتێک لەئێران داوائەکات کە فشار بخاتە سەر شیعە وە کوردیش ئاگادارئەکاتەوە کە تورکیا خۆی مەلاسداوە بۆ ئەوەی وولاتەکەیان داگیربکات ئەگەر نەچنە ژێرباڵی حکومەتی ناوەندیەوە. لە هەمانکاتدا پلان دائەرێژێ هەتا ئەم حکومەتە حکومەتێژی سوننی بێت. ئەویش لە رێی ئەو داوایەی کە دەبێ بریاری لێببوردن دەربکرێ بەرامبەر کۆنە بەعسیەکان وە دەبێ بگەرێنەوە بۆ سەر ئیشوکارەکانی خۆیان، چونکە لە شوێنێکی تری راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەئەکات کە زۆربەی ئەوانەی کە حکومەتی حێراق بەرێوەئەبەن کەم تواناو بێشارەزان و زۆربەی زۆری وەزارەتەکان وەک پاداشتێک بە کەسایەتی و لایەنەکان نەک بە مەبەستی بەرێوەبردن.

راپۆرتەکە کوێر و گێلە بەرامبەر بە بارودۆخی ئێستای عێراق. لەوە بێئاگایە کە عێراق خۆمان خۆش. دوای حەفتا ساڵ عێراق نەتوانرا ببێتە ناسنامە ئێستا پاش ئەم هەموو خوێنە هیچ هێزێک لە توانایدا نابێت جارێکی تر ئەو وولاتە بکاتەوە وولاتێکی ناوەندی بەهێز. راپۆرتەکە پرە لە سوکایەتی بەرامبەر بە کورد و شیعە زۆر بەسوکی و ئاسانی پێیان دەڵێت کە دەبێ واز لە ماف و داوا و ئاواتەکانیان بێنن، بێنەوە ژێردەسەلاتی سوننە. ئەوان تەسک بینانە بیرئەکەنەوە کە گوایە کێشە سوننەیە بۆیە سوننە دەبێ رازیبکرێت، بێ ئەوەی گوێ بە لایەنی بەرامبەر و راستیە مێژوویەکان بدەن. ئەوەی ئاشکرایە چونکە نەوت لە ناوچەی سوننەدا نیە سوننە دژ بە هەموو مافێکە بۆ نەتەوەکانی تر لە عێراقدا، وە لە بەرئەوەی لەرووی مێژووییەوە سوننە دەسەڵاتداربوون لە عێراقدا نایەنەوێ وەک کەمینەیەک تەماشای خۆیان بکەن.

لە لایەکی ترەوە بیکەر و لیژنەکەی لەگەڵ خەڵکی وەهادا کۆبونەتەوە کە بە هیچ جۆری پەیوەندیان بە عێراقەوە نیە بۆ نموونە سەرۆکی سویسرا، کەچی ئامادەنەبوون لە گەڵ پارێزگاری کەرکوکدا کۆببنەوە لە هەمانکاتدا ماف بە خۆیان ئەدەن کە چارەنوسی شارەکەی دیارییبکەن. لە سەر حکومەتی کوردوستان پێویستە نەک هەر بە نووسینی نامەیەک بۆ بۆش و ناردنی لەرێی زەڵمای خەلیلزادەوە بەڵکو هەرەشەی ئەوەبکات ئەگەر بێتوو ئەم راپۆرتە پیادەبکرێت ئەوان لە حکومەت دەکشێنەوە. ترساندی کورد بە تورک ترسێکی بێبنەمایە. تورک رەنگە هەرەشە بکات بەڵام لە توانایدا نیە بێت کوردوستان بگرێت، وە کاری وەهاش ناکات. گومان نیە کە تورک تینووی خوێنی کوردە بەڵام تورکەکان ئێستا نە لە توانایاندایە و نە لە بەرژەوەندیاندا تا بە کاری وەها هەستن. لە کۆتاییدا کاتێک مرۆڤ بیر لە مێژووی کورد ئەکاتەوە بۆچی ئەو هەموو کۆنفرانس و بریار و راپۆرتەی دژ دەنوسرێ ئەویش بێگایە تا ئەو ساتەی باجەکەی ئەدات. ئەگەر ئەمە لە رووی مێژوویەوە بەمانەی بۆ ئەهێنرێتەوە ئەوا ئێستا هیچ بەهانەیەک نیە. حکومەتی هەرێم (هەرچەندە جگە لە نوکتەیەکی بێتام

هیچی تر نیه) پێویسته هیچ نەبێ بەرپرسیاربێت بەرامبەر بە چارەنووسی خەڵکی کورد وە بۆئەوەی بەم کارە هەستێ پێویستە زیاتر لە بواری دەوڵەت و پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانا شارەزابێت. ئایا حکومەت دەزگایەکە بۆ بەرێوبردنی کاروباری خەڵک یان بۆ بەخشینەوەی کورسی بە سەر برادەراندا.